سەرۆک کۆمار جێختیکردەوە لەپێویستی پێشکێشکردنی خزمەت بە حاجیانی عومرەکارانی ماڵی خودا

سەرۆک کۆمار، عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ چوارشەممە، جێختی لەسەر پێویستی پێشکێشکردنی خزمەت بە حاجیان و عومرەکارانی ماڵی خودا کرد

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار، لە ڕاگەیەندراوەکدا کە بڵاویکردەوە، "ئەمڕۆ عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆمار لە کۆشکی سەلام لە بەغدا پێشوازی لە شێخ سامی مەسعودی سەرۆکی دەستەی باڵای حەج و عومرە کرد".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "لە میانی کۆبوونەوەکەدا، بارودۆخی ناردنی میوانانی عومرەکارانی عێراقی بە شانشینی سعودیە لە مانگی ڕەمەزاندا تاوتوێ کرا، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی ئەم مانگە پێ لە بەرەکەتە".

بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکەسەرۆکی کۆمار ستایشی کارەکانی دەستەی حەج و عومرە کرد و ئاماژەی بە گرنگی بەردەوامبوون لە کارکردن بە پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری بە زیارەتکاران کرد.

سەرۆك کۆمار جێختیشیکردەوە "پێویستی ئامادەکاری و پێداویستییەکان بە وەرزی داهاتووی حەج، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک گواستنەوە، نیشتەجێبوون، و شوێنی مانەوە بە حاجیان بە ماڵی خودا، هەروەها کارئاسانیکردنی ئەو ڕێکارانەی کە وایان لەدەکات بە ئاسانی و ڕەوەسمەکانیان

ئەنجامبدەن".

لای خۆیەوە شێخ سامی مەسعوودی کار وچالاکییەکانی دەستەی حەج و عومرە ، ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە حاجیانی عێراقی کردووە خستە ڕوو".

هەر بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، "سەرەکی دەستەی حەج کورتەیەکی لەبارەی ئەو پلانانەی بە وەرزی داهاتووی حەج ئامادە کراون و ئەو هەوڵانەی بە خزمەتکردنی حاجیانی عێراق دراون، بە سەرەک کەماری خستووە".